وكالة الأمم المتحدة للهجرة

گەڕانەوە بەردەوامە لە کاتێکدا بەربەستەکانی گەڕانەوە وەکو خۆی دەمێنێتەوە لە عێراق: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

بە پێی تۆماری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ بەدواداچوونی ئاوارەکان لە عێراق، ژمارەی ئاوارەکان لەسەرتاسەری عێراقدا نزیکەی ٢ ملیۆن نزمبووەتەوە، لە هەمان کاتدا ژمارەی گەڕاوەکان نزیکەی ٣.٨ ملیۆن بەرزبووەتەوە.

زۆربەی گەڕاوەکان لە پارێزگای نەینەوا چڕ بوونەتەوە (١.٤ ملیۆن، بەتایبەت لە ناحیەکانی موسڵ و تلەعفەر و حەمدانیە)، پارێزگای ئەنبار بەدوا دادێت نزیکەی ١.٢ ملیۆن کەس گەڕاونەتەوە (لە فەلوجە و ڕۆمادی) وە نزیکەی ٥٣٤ هەزار کەس گەڕاونەتەوە بۆ پارێزگای سەڵاحەدین. لە نێو زیاتر لە ٣.٨ ملیۆن گەڕاوە، زیاتر لە ٣.٧ گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی پێش ئاوارەبوونیان.

سەرەڕای گەڕانەوەی زیاتر لە ٥٩٠ هەزار ئاوارە لە سەرەتای ٢٠١٨وە، بەڵام ئاڕاستەی گەڕانەوە خاوبووەتەوە چوونکە ئاوارە ماوەکان ڕووبەڕوی بەربەستێکی زۆر دەبن بۆ گەڕانەوەیان. لە بەرنامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ هەڵسەنگاندنی یەکخستنی شوێنەکان - قۆناغی سێیەم، ڕاپرسییەکی ساڵانە کە لە ماوەی ئەم هەفتەیە بڵاوکرایەوە، ئاوارەکان زیان و ڕووخاندنی خانووەکان بەرێژەی (٢٦٪) دیاری کرد، نەبوونی دەرفەتی کار بەرێژەی (٢٥٪) وە هەروەها نەبوونی هەستی دڵنیایی لە شوێنەکانی بنەڕەتیی بەرێژەی (١٨٪)، گشتیان بوونەتە بەربەستی سەرەکی بۆ گەڕانەوە.

بەهۆی ئەم بەربەستانە، تەنها بەرێژەی ٣٠٪ لە ئاوارە ماوەکان  نیازی گەڕانەوەیان هەیە لە ماوەی شەش مانگی داهاتوو، بەڵام زۆربەی ئاوارەکان پلانی ڕاستەوخۆیان نیە بۆ گەڕانەوەیان. بۆ ماوەیەکی درێژخایەن (شەش مانگ یاخود زیاتر)، بەرێژەی ٦٠٪ لە ئاوارەکان پلانی گەڕانەوەیان هەیە بۆ شوێنی بنەڕەتیی، بەرێژەی ٢٢٪ نیازی یەکخستنەوەی ناوخۆییان هەیە، وە بەرێژەی ١٥٪ پلانی یەکخستنەوەیان هەیە چوونکە هەڵبژاردنی درێژخایەنی تریان نیە.

لە بواری پێداویستیەکانی چاکبوونەوە، مەزنترین پێداویستی پێشکەشکراو بۆ گەڕاوەکان، ڕێپێدان بۆ دەرفەتی دامەزراندن و دەستەبەرکردنی بژێوی، دۆزینەوەی چارەسەر بۆ مافە سەرپێچیەکان کە پەیوەندی بە ئاوارەبوون هەیە، باشترکردنی بارودۆخی ئەمنی و ئازادی لە جولانەوەیان.

لە بواری ئەم بارودۆخە، سەرۆکی نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، بەڕێز گێرارد وەیت گوتی: "لەکاتێکدا، گەڕانەوەی ئاوارەکان بەردەوامە لەسەرتاسەری عێراقدا، دەبێت ئاگاداری ڕاستیەکە بین کە زۆر لە ئاوارەکان بەردەوامن لە ئاوارەبوونیان، ڕووبەڕوی گرفتی گەڕانەوە  دەبن. دەبێت لە بیرمان بێت کە ڕێگایەکی درێژ ماوە بەرامبەر بە گەڕاوە و ئاوارە زیانلێکەوتووەکان، پێویستە پشتگیریمان فراوانتر بکەین بۆ دیاریکردنی پێداویستیە دەسبەجێیەکانیان.

بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق وە کۆمەڵگە ناوخۆییەکان، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچی عێراق چەندین پرۆژەی گشتگیر لە شوێنی گەڕاوەکان ئەنجام دەدات بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان بۆ یەکخستنەوەی بەردەوام، لەڕێگەی دەستپێشخەریەکانی چاکسازی ژێرخان، پشتگیریکردن بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی، ڕێپێدان بۆ خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵگەیی، مونتەدای پۆلیسی کۆمەڵگەیی، پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی وە هەروەها بونیادنانی ئاشتی.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە سەردانی وێپسایتی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان: http://iraqdtm.iom.int
دواتر ڕاپۆرتی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان لێرە بەردەست دەبێت:
http://iraqdtm.iom.int/Downloads/DTM%202018/May%202018/Round%2096%20-%2031%20May%202018/Round96_Report_English_2018_May_31_IOM_DTM.pdf

داشبۆردی گەڕانەوە دەتوانرێت داونلۆد بکرێت
لە: http://iraqdtm.iom.int/Downloads/DTM%202018/May%202018/Round%2096%20-%2031%20May%202018/Round96_Map_Returnee%20dashboard_2018_May_31_IOM_DTM.pdf

بەرنامەی هەڵسەنگاندنی یەکخستنی شوێنەکان – قۆناغی سێیەم، کە لە ماوەی ئازار تاکو ئایاری ٢٠١٨ تەواو کرا. داتای بەرنامەکە ئاڕاستەی ئاوارە وە گەڕانەوەبوون وە دیاریکردنی شوینەکان وە هەروەها دینامیکی کۆمەڵگەیی چاودێری دەکات، کە دیمۆگرافی و بارودۆخەکان و نیازی جوڵانەوەیان و زیانلێکەوتووەکان دەگریتە خۆ. داتایەکە لێرە بەردەست دەبێت: http://iraqdtm.iom.int/ILA3.aspx

ڕاپۆرتەکە لەسەر ئەم داتانە بەتەواوی لە کۆتایی ساڵدا بەردەست دەبێت.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ عێراق:
ساندرا بلاك، تەلەفۆن: +9647512342550، ئیمێل: sblack@iom.in